# ئەمشەو؛ (8ی مارس)



سالّح سووزەنی

چەند رقمە لە خۆم، ژنەکەم لەماڵە بابی بوو، بووکەکەم کوڕکەمی بردبوو بۆ ماڵی دایکی.. "رۆزا"ی کچم لەمێژە شووی کردوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندوە. ئەوەندەی کە ئێستا بەمن ئەڵێ تۆ کێیی؟(!!) سۆران یش، کچێک زەنگی بۆدا و دەرباز بوو .. چووبوو کە سەر لەرێیدا بدا.. لەگەڵ تێکۆشەرێکی مافی ژن، لەمپەڕاوپەڕی جیهانەوە کەوتینە "چەت".. من میکم نەبوو(!!) هەرچەندە من زووزوو ئەمگوت(ئەمنووسی) کە ئێوە(واتە ژنان) دەسەڵاتداری وڵاتی شێعر و هونەر و جوانین.. ئەو دەیگوت(دەینوسی) کە تۆ(واتە من) لە شێعرەکانیشتدا ژنان بە زاڵم دەزانی(!!) و لێمان تووڕە بوو..

"تۆ منت کوشت باوان
کاکم ئەوەند دڵرەق نەبوو"

دایکـــم بە چەکی "نا "ی زمانەوە
دایکم بە بڕوا بە لەززەتی زەوی و
تازەبینـــی
تازەگەری ..
باوکـــــم، عارف ..
/ حەزی لە بەهەشت بوو و هەتا..
.......... ئێستای " 2000" یش
خەو بە خەرمانە ئاوبروەکەیەوە ئەبینی .. /
«نۆستالژی» ⟶

شێعرەسات 4

نەمدەزانی چ بکەم؟ بۆ دەبێ ئەوەندە زاڵم بین؟ من بە هەموو تەمەنم رقم لە زاڵمان بووە..کوشتنی یەک زاڵمیش بۆ خۆی شۆرشێکە.. باوەکوو خۆم بە ترۆریست نازانم، بەڵام بڕیارمدا؛ بۆ جارێکیش بووە زاڵمێک بکوژم!
لە ئاشپەزخانە کێردێکی گەورەی تیژمان هەبوو.. هەڵمگرت.. لەناو کۆڵێ کاسەوکەوچکی نەشۆردراودا کە هێشتا دەرفەتم نەکردبوو بیانشۆم... ئاو بەستبووی..یان بۆ نەئامەتی ئاوی ماڵی ئێمە بەستبووی.. نەدەکرا بە چەقۆیەکی چەوری پیس زاڵمەکە بکوژم.. ئەوە خۆی دەبووە زوڵمێکی دیکە... ئای ی ی 8 ی مارس؛

ببوە نەعرەتەی هەموو کەناڵەکانی سەتەلایت.. و قسەمان پێ دەڵێن.. تەنانەت ئەو کەناڵانەی بەعومراتیان هەنگاوێکیان لە رێگای مافی ژنان دا نەنابوو.. رادوێی ئەو حیزبانەی تا ئێستا یەک رەهبەری ژنیان نەبووە.. ئەو دەوڵەتانەی کە هێشتا ژن لەوێ بە بەرچاوکەوە دێنە دەرێ...

کچەشاعیرێک دەیگوت؛ ئێوە تەنیا شانۆکە دەبینن.. پشت شانۆکە نابینن..

نەیدەگوت کە خۆیان ناهێڵن ببینین.. دایکم بەردەوام کە باس دەگەیشتە شوێنی خۆش... ئەیکردمە دەرەوە..ئەیگوت: تووتی سەگ گوێت لە چی گرتووە؟ دەی یاللاا.. ! ژنانی هاوسێش دەیاندایە قاقای پێکەنین...

لە دەرەوەش وەزع لەوە باشتر نەبوو.. دوو کیژی شەنگی "رەپ"ی شەرمیان لە ریشی چەرمگی من نەکرد (پرۆفسۆری هێشتوومەتەوە)... کە دایان بەلامدا؛ یەکیان گوتی: چ لووس! نازانی لەونی گوتنەکەی چەن شیرین بوو.. ئەوی دیشیان گوتی: هۆشت بێ نەخزی..ها ها..ها..

چ جوان دەکەنی.. ... دل دوست دارد از لبت.. هم بوسه هم دشنام راااااا...

ئاخ خ خ 8ی مارس.. من بۆ دەبێ ئەوەندە زاڵم بم؟

یەک مانگە بەس بۆ دیتنی دوو دەقەی پشت شانۆی شیرینی وەفایی خەون دەبینم..کچەتیویێک مانگێکە ئەمتەزێنێ.. و رێی هیچم پێ نادا.. ئێستە ئەزانم بۆ؟ من زاڵمم.. چۆن لەم هەموو ساڵەدا.. بەوەم نەزانیبوو.. وام زانی لە خەباتی بەردەوامدام دژی هەموو زاڵمان..

خێزانم زەنگی دا... گوتم: تۆخودا شیرین! من زاڵمم؟

گوتی: بۆی دامەچۆ.. کورە گوێی مەدەرێ.. هەر یەک رۆژە.. بەس یەک رۆژ"تەحەممول"ت هەبێ! لە سبەینێوە خۆتان سەرلەنوێ هەمەکارەن..

ئای بە توونی تەتەر چی 8 ی مارس!

باشبوو شوکور یەک رۆژ بوو... ئەگینا چیمان بکردایە؟

لە بەرت مرم کیژەکەی کافرۆش!